# هەواڵ هەواڵ

## گەنجێک دەکوژرێ

لە رۆژی ١٨-٦-٢٠٠٧ گەنجێک بە ناوی (ز، س) کە خەلکی سۆرانە و ماوەی سالێکە لە ئێران گەراوەتەوەو لەگەڵ دایکی لە گەرەکی هەرێمی سۆران لەخانوێکی کرێ دا ژیاون، بەهۆی فەقیری و کەمدەرامەتیەوە نەیتوانیوە کە کرێی خانوو دابین بکات بۆیە ئەمیش کاردەکاتە سەر باری دەرونی و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت، جێگەی باسە کە ئەم گەنجە ماوەی دوو مانگە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

## نۆ کەس لەماوەی ٣٦ کاتژمێر گیانیان لەدەست دەدەن

لە رۆژی ٢١-٦-٢٠٠٧ سەر چاوەیەک لە نەخۆشخانەی تب عەدلی راگەیاندین، لە ماوەی ٣٦ کاتژمێری رابردودا نۆ وڵاتی بە هۆی رِوداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەست داوە.دکتور بەرزان محەمەد عەلی فەرەج پزیشک لە دادوەری پزشکی سلێمانی وتی:کە بەهۆیَ کێشەی خێزانی وڵاتیەک جەڵدە لیَی داوە و گەنجێکیش خۆی خنکاندوە و چوار کەسیش بە هۆی رِوداوی ئۆتۆ مبیلەوە گیانیان لەدەست داوە ئافرەتێکی ٢٣ساڵیش بە هۆی نەخۆشیەکی نە زانراوسراو مردووە، سیَ کەسی دیکەش سوتاون.

## وڵاتییەک دەکوژرێ

لە رۆژی ١٨-٦-٢٠٠٧گەنجێک بە ناوی (ز-س) کە خەلکی سۆرانە و ماوەی سالێکە لە ئێران گەراوەتەوەو لەگەل دایکی لە گەرەکی هەرێمی سۆران لەخانوێکی کرێ دا ژیاون، بەهۆی فەقیری و کەمدەرامەتیەوە نەیتوانیوە کە کرێی خانوو دابین بکات بۆیە ئەمیش کاردەکاتە سەر باری دەرونی و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت، جێگەی باسە کە ئەم گەنجە ماوەی دوو مانگە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە.

## پۆلیسێک دەکوژرێ

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵ: رۆژی ١٥-٦-٢٠٠٧ لە کۆمەڵگەی شکارتەی ناحیەی بێتواتە پۆلیسێکی مەدەنی بەناوی (ر،ە) ی تەمەن ٢٢ ساڵ، بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی چەک گوللەیەک لەدەستی دەردەچێ و لەئاکام مەرگی خۆی لێدەکەویتەوە.

## مین وڵاتییەک دەکوژێ

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵ، شەوی ١٦-٦-٢٠٠٧ لەکاتی کارکردنی دەراسەیەک لە گوندی فرێزەی سەر بەناحیەی سێوەی دەڤەری پشدەر ، مینێک لە ژێر دەراسەکەدا دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی شۆفێری دەراسەکەو سووتاندنی دەراسەکەو زەرەو زیانێکی زۆریشی بە گەنم جۆی ئەو ناوچەیە گەیاند.

## کوردێک لە هەندەران دەکوژرێ

رۆژی ٢١-٦-٢٠٠٧ گەنجێکی شاری کفری بەناوی (ک،ب،ف) تەمەن بیست ساڵ کە دانیشتووی وڵاتی بەریتانیایە لەلایەن چەند کەسێکەوە بەچەقۆ دەکوژرێت، لەم بارەیەوە کەسێک لە خانەوادەی کوژراوەکە پێی راگەیاندین کە کورەکەیان لەسەر هۆکارێکی نەزانراو بەچەقۆ کوژراوەو تاکو ئێشتاش تەرمەکەی نەگەراوەتەوە بۆ شاری کفری.

## چوار ئافرەت دەستگیر دەکرێن

رۆژی ٢١-٦-٢٠٠٧ لە خاڵێکی پشکنینی لە ناوچەی سلێمان بەگی سەر بەقەزای دوزخورماتوو چوار ئافرەت دەسگیردەکرێن کە برێک ماددەی T.NT لەناو جلیکاندا حەشاردابوو لەگەڵ دەمانچەیەک، سەرچاوەیەکی ئەمنی پێی راگەیاندین کە هەر چوار ئافرەتەک بەرەگەز عارەبن و بەنیازی ئەوە بوونە لەو ناچە هەڵبێن بەڵام لەلایەن خاڵی پشکنینەوە دەستگیرکراون و تائێستاش لەژێر لێکۆڵینەوەن.

## تەرمێک دەدۆزرێتەوە

سەرلەبەیانی دوێنێ ٢٣-٦-٢٠٠٧ تەرمی ئوسامە ئەبوبەکر لەناوچەی قەرەتەپە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە دۆزرایەوە لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە قەرەتەپە پێی راگەیاندین کە ناوبراو لە ئاسایشی ئەو ناوچەیە کە چەند رۆژ لەمەو پێش لە شەرێکی نێوان تیرۆرستان ئاسایش کوژرابوو. کە بەهۆی خراپی بارودۆخەکەوە نەتوانرابوو تەرمەکەی بدۆزرێتەوە. هەروەها راشی گەیاند ناوبراو بەرەگەز کوردەو خەڵکی قەرەتەپەیە.

## وڵاتیەک برای خۆی دەکوژێ

سەر لەئێوارەی رۆژی ٢٢-٦-٢٠٠٧ بەهۆی کێشەیەکی خێزانی دوو برا بەناوەکانی (ع،آ) و (س،آ) کە دانیشتووی کفرین، دەبێت بەشەریان و تفەنگ لەیەکتری هەڵدەگرن و دوای چەند خولەکێک تەقە کردن، لەئەنجامدا (س،آ) دەکوژرێت و (ع،آ) بەسەختی بریندار دەبێت لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکفری پێی راگەیاندین: لەبەر سەختی برینەکەی(ع،آ) رەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێ.

## ٢٥٠٠ پێشمەرگە دەگەنە ناوچە سنوریەکانی هەرێم

سەرچاوەیەک لەهێزەکانی پاسەوانی سنوری دیالە پێی راگەیاندین کە بەمەبەستی هێمن کردنەوەی ناوچە سنوریەکانی کوردستان بریارە ٢٥٠٠پێشمەرگە بگەنە ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان، بەم بۆنەوە فەرماندەی لیوای ٣٤ی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ستافی لیواکەدا لەبارەگای پاسەوانی سنوری کوردستان کۆبونەتەوە بۆ تاوتویَ کردنی ئەم پلانە هەروەها سەرچاوەکە وتیشی وابریارە لەگەڵ نوێنەری هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە کۆببینەوە بەمەستی رەوانەکردنی ٢٥٠٠ پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان مەبەستی رێگری کردن لە تیرۆرستان ودزە کردنیان بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان،

## هەرەشە لەئەندامانی پارتە سیاسیەکان دەکرێ

رۆژی ٢٠-٦-٢٠٠٧ سەرچاوەیەکی ئەمنی لەناحیەی قەرەتەپە پێی راگەیاندین. کەچەند چەکدارێکی تیرۆریست هەرەشە لەو هاوڵاتیانە دەکەن کەبەمەستی راپەراندنی ئیش و کارەکانیان سەردانی بارەگای سیاسی حزبەکان دەکەن، هەروەها سەرچاوەکە راشی گەیاند کەلەرێگەی بەیاننامەشەوە هەرەشەیان لەئەندامان و لایەنگرانی پارتە سیاسیەکان کردووە، هەروەها راشی گەیاند ئەو هەرەشەیە لەلایەن چەکدارانی تیرۆریستە کەسەر بەدەوڵەتی ئیسلامی عێراقین و لەگەڵ تۆری ئەلقاعیدەن، بەیەکەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

## دوو خوێندکار گومانی قۆپیە کردنیان لیَ دەکرێ

دکتۆر (جەواد فەقێ علی) راگری کۆلیجی یاسایی ئێواران پێی راگەیاندین :کە راپۆرتێکم بۆ نێردراوە کە دوو خوێنکار گوایە یە کێکیان لە پشت وەرەقەی تاقی کردنەوە کەی شتی نوسیووە و ئەوی تریان لەسەر دەستی شتی نوسیووە،ئێمەش لێژنەیکمان بۆ بەدوا داچوون پێک هیناوە، ئەگەر دەرکەویێت کە ئەو دوو خوێندکارە قۆپیان کردووە بەپیَ مادەی ٢٢ی تاقی کردنەوەکان برِیاری فەسڵ کردنیان دەر دەکەین. جێگەی باسە بەپیَ برِیاری ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٨٩ و مادەی ٢٢ی رێنماییەکانی تاقی کردنەوەکان، هەر خوێندکارێک قۆپی بکات مافی ئەوەی نیە لە خولی دووەمی تاقی کردنەوەکان بەشداری بکات و تەواوی نمرەکانی دیکەشی بە سفر بۆ حیساب دەکرێت.

## باوکێک کورِەکەی خۆی دەکوژێ

بەپێی سەرچاوەیەکی هەواڵ: کەمئەندام لەشارۆچکەی کۆرێ سەربەناحیەی پیرمام کەناوی (س،ت) لەلایەن حکومەتەوە پارچە زەوییێکی پێ دەدرێت. باوکی ناوبراو کە ئەفسەرێکی سەربازیە، گوشارا دەخاتە سەری تاکو زەوییەکە بفرۆشێت و سەیارەیێک بکرێت، بەلاَم کورەکەی بەم برِیارەی باوکی رازای نابێت، دەیەوێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی زەوییەکە بفرۆشێت، شەوی ١٣-٦-٢٠٠٧ باوکی کورەکە بەدەمانچە چەند گوللەیەک دەدات لە کورەکەی خۆی لائاکامدا دەی کوژێت، ئێستا ناوبراو لەلایەن پۆلیسی کۆرێ دەستگیرکراوە بۆ ئەوەی سزایی یاسایی بدرێت.

## هۆلێکی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی کەلار دەکرێتەوە

رکخراوێکی خێرخوازی کەنەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، لە رۆژی ١١-٢-٢٠٠٧ هەستاوە بەدروستکردنی هۆلێکی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی کەلار دوای تەواو بوونی ئەو هۆلە لە رۆژی ١٠-٦-٢٠٠٧ بەئامادەبوونی بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان و قایمقامی کەلارو بەرێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان رۆژی چوارشەممەی ١٩-٦-٢٠٠٧ ئەو هۆلی نەشتەرگەریە درایەوە بەنەخۆشخانەی گشتی کەلار، جێگەی باسە ئەو هۆلە لە حەوت ژوور دروستکراوەو وەک یەکەم ژووری چاوەروانی، دووەم ژووری خۆگۆرینی پیاوان، سێیەم ژووری خۆگۆرێنی ژنان، چوارەم ژووری تەعقیمی کارەبایی، پێنجەم کۆگای دەواو دەرمان، شەشەم ژووری بێ هۆشکردن، حەوتەم ژووری نەشتەرگەری و لەگەڵ دوو توالێت، سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی ناوبراو پێی راگەیاندین ئەم پرۆژەیە برِی ٧٥٤٠٠ دۆلاری تێچووە

## یاریزانێک دەکوژرێ

رۆژی ٨-٦-٢٠٠٨ لە یاریگای شاری دهۆک و لە گۆرەپانی یاری دووگۆلی، دوو یاریزان دەبێت بەشەرِیان و لەئاکامدا یاریزان (ف،ز) بەزەبری چەقۆ یاریزان (ع،و) کە لەعاشیرەتی باکوزییە دەکوژێ، بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکە یاریزان (ف،ز) لە عەشیرەتی پاسیەکانە لەنێو حزبە سیاسیەکان دۆست و ناسیاوی هەیەو پیَ دەچێت ئەم رووداوە ببێتە هۆی روودانی کێشەیەکی دوژمنداری لەنێوان هەردوو تایفەکەدا، وادیارە عەشیرەتی باکوزی خەریکی خۆ سازدانن بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی کورەکەیان و نایانەوێت بەهەرد بچێت، چونکە دەزانن ئەگەر بەرێگەی یاسا سزابدرێت ئەوا بەهۆی ئەوەی کە یاریزان (ف،ز) دەسەڵاتی حزبی پشتی دەگرێت و تۆڵەی کورەکەیان ناکرێتەوە بۆیە ئەمانیش دەیانەوێت لەدەرەوەی یاسا تۆڵەی یاریزان (ع،و) بکەنەوە.

## رووخانی دیوارێک چوار کەس دەشێلیَ

رۆژی ١٧-٦-٢٠٠٧ لە ئەنجامی رووخانی دیواری ماڵێک لەبازیان کە ماڵێکی ئاوارەی عەرەبی تێدا دەژیت لەئەنجامدا یەکێک لەئەندامانی خێزانەکەیانی کوشتووەو سێی دیکەشی بریندار کردووە بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکە: سیَ بریندارەکە برینەکایان سەختەو ئێستا لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری پزیشک دان.

## گەشتێکی زانستی بۆ زانکۆی بریکەند

دکتۆر گۆران سەلاح شوکر راگری کۆلیژی بەشی زمان لەکۆیە پێی راگەیاندین کەبەپێی رێککەوتن نامەیەک لەنێوان زانکۆی کۆیەو زانکۆی بریکەند لەئەنکەرا هەموو ساڵێ، زانکۆی کۆیە بۆی هەیە کەفەرمانبەران و خوێندکاران و مامۆستایان بنێرێتە دەرەوە بۆ خولی راهێنانی هاوینە، ئەمساڵیش لەبەشی کۆلیژی زمان بیست و پێنج خوێندکارو پێنج مامۆستا لەسەر بانگهێشتی زانکۆی بریکەندی ئەنکەرە بۆ دەورەیەکی یەک مانگی دەچنە دەرەوە، هەروەها گوتیشی کە برِیارە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بری سەدو پەنجا هەزار بۆ هەر خوێندکارێک سەرفبکرێت ئەگەربێت و وەزارەت نەتوانیَ ئەو برە پارەیە تەرخان بکات، هەروەها راشی گەیاند کە رەنگە لەمانگی داهاتوودا خوێندکارانی زمانی ئینگلیزی و وەرگێران و کۆمپیوتەریش بنێرینە دەرەوە بۆ دەورەی راهێنان جێگای ئاماژەیە کە ئەو (سی) کەسە دەبیَ رۆژی ٢-٧-٢٠٠٧ لەزانکۆی بریکەندی ئەنکەرا ئامادەبن.

# هەواڵی سەیر

هەواڵی سەیر

*رۆژی ١٤-٦-٢٠٠٧وڵاتی (س-ج) کە پیاوێکی هەژارە لە گەرەکی پیرایەکان لە ناحیەی شۆرش لە ناوچەی چەمچەماڵ بەعەرەبانەکەی وردەوڵە دەفروشیَ ،لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێت لەسەر ئەوەی لەبان جادە بووەو برِی ٥٠٠٠٠ هەزار دینار غەرامە دەکرێت ،ئەویش پێشنیارێک دەدات بە قایمقام تیایداتکادەکات لی خۆشبن ودەلیَ قوربان من عەرەبانەکەم بای ٥٠٠٠٠ هەزاردینار نابێت ،خۆمونیکام نەگیراوەلەم ولاتەی ئیمە تەنها برِیاری عەرەبانەگرتن بەباشی جێبەجیَ دەکرێت .قایمقامیش لەسەری دەنوسیَ بینراوهیچی تر .

*خوێندکارێکی کۆلیژی پزیشکی پارساڵ خولێکی بەهێز کردنی بۆ کۆمەلیَ خوێندکاری پۆلی شەشەمی ئامادەیی کردەوە لەناحیەی شۆرش بەخۆرایی و سودو قازانجی زۆری گەیاند بەوخوێندکارانە وئەمسالیش بەنیازە بە هەمان شێوە ئەوکارە ئەنجام بداتەوە ،بەلاَم ئەوەی کەسەیرە کۆمەلێک مامۆستای ئامادەیی پێیان ناخۆشەو تەلەفونیان بۆ کردوەو گاڵتەیان پێکردوە وتوویانە کەتۆ مشێتی بەخۆرایی کارم بۆئەم خەڵکە دەکەی، دیارە ئەمەلەبەر ئەوەیە کەس ئەو مامۆستایانە بەکریَ ناگریَ.

*خەڵکی گوندەکانی سەربەناحیەو قەزاکانی کەرکوک زۆر نیگەرانن لەپر کردنەوەی ئەوفۆرمانەی کەبۆیان دانراوە لەلایەن لێژنەی مادەی١٤٠، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم، سەرەتا داوای فۆرمی زیادەو فۆرمی خۆراکی هەرێمیان لێنەکرابوو، کەچی ئێستا دوای مانگێک لەتەسلیم کردنی مامەڵەکانیان دەڵێن ئەوانەی ئەو دوتەیان نەبەت مامەڵەکانیان قەبوڵ ناکرێت. دووهەم،ئەوە کەئەوبریارەکە بۆئەوان دانراوە لەچاوهەندێک کوردی خۆفرۆش کەجاران رەگەزی نەتەوەیی خۆیان کردووە بەعەرەب زۆرکەمەو ناگاتە نیوەی ئەوان،شایانی باسەخراپی ئالیەتی جێبەجێکردنی ئەوبریارە نەک هەرخەڵکی سیاسی و رۆشنبیربە لکو خهلکی سادەیشی بێزار کردووە.

*رۆژی ٢١-٦-٢٠٠٧ وڵاتی (ر-ح) دانیشتووی گوندی باداوەی سەربە ناحیەی لەیلان،مامەڵەی جنسیە گۆرین دەکات و دەچێتە فەرمانگەی نفوسی ناحیەک دەهەموو شتەکانی بیَ کەم و کوری دەخاتەبەردەم. بەلاَم تەنها وێنەی یەکێک لەمنداڵەکانی لەبیردەکات .بەم بۆنەوە پی دەڵێن مانگێکی کە وەرەوە ،ئەویش دەڵێت (کاکەگیان..)ئەوە منداڵەکانمە لەدەرەوە ئێستا دەرۆم وێنەی ئەویشت بۆدێنم ،بۆدوام دەخەن،ناتوانم هەرلەم رێگەدا برۆم وبێم،بەرێوبەرەکە کەپیاوێکی تورکمانە پی دەڵێت بەمن مەلیَ (کاکە) ئیجاش مناقەشە لەگەڵ مندامە کەبرۆ بامانگێکی دیکە نەت خەمەدواوە، شایانی باسە ئەم بەرێوبەرە لەلایەن هاوڵاتیانەوە لێیدراوە بەلاَم هەروازی نەهێناوە ئاسایشیش خۆی کردووە بەکەرەی شەربەت.

*وڵاتی (س-ح)و خوشک وبراکانی پارچە زەوێکی کشتوکالێیان بەئیرس بۆماوەتەوە کە لەنزیک کارگەی چیمەنتۆی لای لەیلان،لەهەفتەی رابردودا ئەندازیارێک دەبەن تاکو شوێنەکەیان بۆدیاری بکات و بەکاری بهێنن، بەلاَم کاتێک دەرۆن بوسەر زەویەکەیان دەزانن کەلەلایەن کەسێکی دیکەوە داگیرکراوە ،دوای بەداچونیان ،دەزانن (ا-ب) کۆنە جاشێک داگیریکردووە ،بەلاَم کێشەکە دەبەنە بەردەم یاساو فەرمانگەی رەسمی،ئەویش حەق بەوان دەدات کەچی کۆنە جاشەکە (ا-ب) واز ناهینێت لە ئەرزەکە، ئەو کێشەیە تائێستا وەک خۆی ماوەتەوە.

*کچێکی زیرەکی شارۆچکەی پیرمام بەگریانەوە بەرەو ماڵ دەگەرِێتەوە و گلەیی لە مامۆستاکانی دەکات کە مافیان خواردووەو کەمیان پێداوە، دایک و باوکی کچەکە لەبەر دڵی کچەکەیان دەچنە لای بەرِێوەبەری فێرگە، ئەویش بێباکانە وەلاَم دەداتەوەو دەڵیَ هەر ئێستا دەفتەرەکەی دەردێنم و پێشانتان دەدە، چۆن شتی وا دەکریَ. دواتر تەلەفۆن بۆ مامۆستای وانە دەکات، ئەوسا دەفتەرەکەی دێنیَ و سەیری دەکەن، دەبینن ٩٥ی وەرگرتووە بەلاَم لەسەر کارتەکەی ٧٠یان بۆ نووسیوە. بەرِێوەبەر دڵتەنگ دەبیَ و لە مامۆستاکە دەپرسیَ:" چۆن ئەمەت کردووە، ئەویش دەڵیَ: گەورەم لەسەر برِیاری ئێوە بۆ ئەوەی کچی فلاَنە بەرپرس یەکەم بیَ و ئەم زیرەکە یەکەم نەبیَ؟! دواتر هەردووکیان داوای بووردن لە دایک و باوکی فێرخوازەکە دەکەن و تکایان لێدەکەن کە ئەمە بە رۆژنامەکان نەگات!!

*دوای ئەوەی کە وڵاتی (ف،ع،رِ) بەمەبەستی پشکنینی پزیشکی دەچێتە تاقیگەی سۆران، دکتۆری تاقیگەکە بەهەڵە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی پیَ دەدات و پێی دەڵێت کە لەنێوا زراوتا بەرد هەیە، پاشان پشکنینەکە دەباتە لای دکتۆرێکی دئکەو ئەویش برِیاری نەشتەرگەری بۆ دەر دەکات. دوای نەشتەرگەریەکە دەردەکەوێت کەهیچ بەردێک لەنێو زراوەکەیدا نەبووە. جێگەی باسە کە برِی تێچوونی بۆ ئەم نەشتەرگەریە گەیشتە ٥٠٠ دۆلار کە خەڵکی هاوکاریان کردبوو، ناوبراو لەلای بۆلیسی سۆران سکاڵای لەدژی خاوەن تاقیگەکە تۆمارکردووە.